# ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کوردی چی یە؟
# بۆ ئەمڕۆی کوردستان



**هوشیار عوسمان**

میللەتی کورد وەک هەموو گەلێکی ژێر دەستەی ئەم جیهانە، کولتووری داگیرکەر لە بوارە جیاوازەکانی ژیانیدا وە لە ناو هەڵس و کەوتی ڕۆژانەی تاکەکانیدا بە شێوازی هەمەڕەنگ دووبارە ئەبێتەوە. 35 ساڵ حوکمی تاک ڕەوی و بەکار هێنانی هەموو ئامرازێکی داپڵۆسێنەر نابێت بە کەم بزانرێت و ئاماژەی بۆ نەکرێت .

ئەگەر بە خێرایی چاوێک بخشێنین بە ناو ئەو ڕۆژانەی کە لە سەردەمی دیکتاتۆریەدا بە سەرمان بردووە، بڕوا ناکەم هیچ کون و قوژبنێک مابێت دەستی ڕژێمی فاشی پێ نەگەیشتبێت!.

کارە دوژمنکارییەکانی لە ئەندازەیەکدا بوو مرۆڤی سەرسام وکپ وبێ دەنگ ئەکرد، لە هەمان کاتدا لە ناخی هەمواندا ڕق و کینە، تووڕەیی و بێزاری، بێ ڕەحمی و ڕەقی دروست ئەکرد ، کە هەندێ جار لە گەڵ سێبەری خۆماندا دەکەوتینە شەڕو بەربەرەکانێ ، بە کورتی وکوردی زۆربەی میللەت ، کەم تا زۆر گیرۆدەی کۆمەڵێک ئازارو مەینەتی ناو ناخی خۆو دەرەکی بووبوو ، کە دوای 15 ساڵ ڕزگاربوون لەو قەیرانە ،ئێستاش بە ڕەنگی تر پێوەی دەناڵێنین!. ئەمڕۆیش نەوەی کۆن لە پەیوندی یەکانیدا لە گەڵ نەوەی دوای ڕاپەڕین ناڕاستەو خۆ و هەندێک جار ڕاستەوخۆ هەمان کولتورو ڕێچکە پەیڕەو دەکات .کە دوا جار نەتەوەیەک زیان دەبینێ کە لە مێژە ئەم ئەزموونەی ئێستای بۆ نەڕەخساوە . لێرەوە ئەرکی گرنگی ڕاگەیاندنی کوردی بە هەموو باڵەکانییەوە ئەوەیە: ڕۆشنایی بخاتە سەر برینە قوڵەکانی ساڵانی سەردەمی بەعس ،زامەکانی شەڕی ناوخۆ و هەموو خاڵە ناشرینەکانی دوو ئیدارەیی و فەسادو گەندەڵی، بەبێ سانسۆر نیشان بدات ، دەستی دزین و تاڵانی داهاتەکانمان بۆ جەماوەر بخاتە ڕوو، لە هەر کوێ یەک خزمەت گوزاری هەبووە و هەیە پەنجەی ئافەرین و دەست خۆشی بۆ بەرز بکرێتەوە، ڕاگەیاندنی حیزبەکان هەوڵ بدەن چی دیکە بۆ بەرژەوەندی تەسکی خۆیان ، کۆمەڵانی خەڵک نەکەنە داردەست و بە پڕوپاگەندەی نا بەجێ، ڕاستی یەکان نە شارنەوە. ئەمڕۆ هەموو دام ودەزگایەکی حیزبی و ئەهلی ڕاگەیاندن لە بەرامبەر خوێنی شەهیدان بەرپرسیارن ،بێدەنگی و پشتگوێ خستنی ئەرکە هەنووکی یەکانی ئەمڕۆی نەتەوەییمان ، تاوانێکی نەبەخشراوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان دەچێتە خانەی خیانەت بە کوردو کوردستان.

ڕاگەیاندن دەتوانێت وەک پزیشکێک ، بە شوێن ئازارەکان دا بگەڕێت ، بۆ هەر دەردێک دەرمانی تایبەتی دابین بکات،کەسایەتی دەورانی ژێر دەستەیی شیتەڵ بکاتەوە، ئەو بەشانەی کە دەزگا تۆقێنەرەکان بە سیفەتی دڕندەیی و خۆپەرستی و تاک ڕەوی پەروەردەیان کردووە ،بۆ جارێکی تر نەشتەرگەری دەروونی بکرێتەوە ، لە جێگەیدا گیانی هاوکاری و بەزەیی و لە خۆبووردن،خۆشەویستی و وەفاداری بچێنرێت. هەروەک چۆن مرۆڤی نەخۆش ناتوانێت ئەرکەکانی خۆی بەباشی بەڕێوە ببات ، ئێمەی کوردیش تا لە هەناوو کەسایەتیماندا کولتووری داگیرکەر مابێت ناتوانین دڵسۆزانە ئەرکی نەتەوەییمان ڕاپەڕێنین.! کەواتە هەرچی زووتر کادیرانی ڕاگەیاندن پەلە بکەن لە ئەرکی پیرۆزیاندا تا بتوانین دەوڵەتێکی کوردی ڕاستەقینە بنیات بنێین و بڕۆینە ڕیزی گەلانی پێشکەوتوی جیهان.

hushyarosman@yahoo.de